السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەوەی خوای گەورە خێری بۆی بوێت؛ ئەوا تێگەیشتووی دەکات لە دیندا

لە موعاویەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- كە دەیفەرموو: «ئەوەی خوای گەورە خێری بۆی بوێت؛ ئەوا تێگەیشتووی دەکات لە دیندا، ومن تەنها دابەشکارم، وخوای گەورە دەبەخشێت، وبەردەوام ئەم ئومەتە (پەیڕەوانی هەق) دامەزراون لەسەر فەرمانی خوای گەورە، وئەوەی پێچەوانەیان دەبێتەوە ؛ زیانیان پێناگەیەنێت، هەتاوەکو فەرمانی خوای گەورە (بۆ لێپرسینەوە) دێت».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک خوای گەورە خواستی خێری بۆی بوێت ؛ ئەوا تێگەیشتن لە ئاینی پێدەبەخشێت، و-صلى الله عليه وسلم- تەنها دابەشکارە وئەوەی خودا بەخشیوویەتی لە ڕزق وزانست وهتد ئەو تەنها دابەشی دەکات، وئەوەی دەبەخشێت لەڕاستیدا تەنها الله یە، بەڵام شتەکانی تر تەنها هۆکارن ؛ سوودیان دەبێت بە ئیزنی الله، وپەیڕەوانی هەق لەم ئومەتە بەردەوام دامەزراون لەسەر فەرمانی خوای گەورە، وئەوەی پێچەوانەیان دەبێتەوە ؛ زیانی بۆیان نابێت، هەتاوەکو قیامەت دێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5518

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee